نسـکۆ

مەرگم زۆر دی ..

تەرمی هەزاران ئەوینم هەڵگرتووە..

زۆر خۆری خەندەی سەوز و سووریشم ..

لە دڵا ناشتووە

کەچی تا ئێستاش..

شیعرێکم نەوت بۆنی مردنی لێبێ..!

خۆشم ویستی..

کەچی تا ئێستاش ..

شیعرێکم نەوت رەنگی چاوانت هەڵبگرێ..!

f

کە مەلی شیعرێکی پەرەوازەم..

من جێدێڵێ و ... دوور باڵا دەگرێ

ئاسمانێکی پڕ لە دووکەڵا دەیخنکێنێ..

چی درەختی کەسەر هەمە

گەڵای گریان دەبارێنێ..!

f

تۆ رۆیشتیت و .... ماڵئاوا

چۆن چیرۆکی کۆچی گەورەت بنووسمەوە..

کە دارستانێ دەسووتێ..

جگە لە خۆڵەمێش و پشکۆ ..

چی جێدێڵێ..؟

کە رووبارێ وشك دەکا..

سەرچاوەکەشی کوێر دەبێتەوە

مەرگی ماسی و درەختەکانی سەر دوو کەنار

بە کێ دەسپێرێ..؟

بگرە هەوریش بەختەوەرە..

(با) زۆر ئاسمانی دووری پب َشادەکا

تا لە سەر خاکێکی برسی دادەکا..!

من بە چی بم.. لە نێو دڵتا کە نێژرابم

تۆش لە ژێر بارێ لم و گڵا .. وای لە گۆڕدا

f

لێم ناگەڕێی..

بۆ هەر کوێ دەچم

پەلکەزێڕینەی حەزی تۆیە و ..

ئاوریشمی شیعرمە و ..

هەموو ئاسمان و زەوی لێم تەنیوەتەوە ..

خۆشم ویستی..

وەك دەرێش و خوا پەرستی ..

وەك شەو و مەی و مەستی ..

ئەو شیعرانەی بۆ تۆم نووسی ..

لە رووبانا دەروازەی دڵت داخست ..

کە بوون بە شنە ..

پەنجەرەکانیشت نەخستنە سەر پشت ..

کە پایز هات ..

بۆ دارستانێکی رووت و مردوو خوێندمنەوە.

هەر درەختە و گەڵای سەوز و تازەی دەگرت

لەسەر مەزاری چەند شۆخێ نوسیمنەوە

هێدی هێدی..

خۆڵی سەر گۆڕەکانیان لابرد.

شل شل بۆم دەهاتنە سەما..

تۆی تیا نەبوویت ..

شاخی خەمم ..

دیواری بەردینی دەردم ..

هەر نەڕما ..!

1983/3/26

سلێمانی